# ستراندبێژ "عەینە مەریوانی" لە گفت وگۆیێکدا دەگەڵ موختاری شوکری پوور*

وەرگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

" لە خەونیشدا،وەک ساتەکانی بێداریم،هیچ وێنەیێک لام نابێت بە میوان؛تەنێ هەر گوێم لە دەنگانە و بەس."

ستراندبێژ و ژەنیاری ڕووناکدڵی ناسراوی کورد "عەینە ی ئەڵماسی" ،کە لای جەماوەر بە "عەینە مەریوانی" بەنێوبانگە، ئەوەمان پێ دەڵێ.

"عەینە دین"،ساڵی 1339 هەتاوی ،لە گوندی دزڵی ناوچەی مەریوان،لە نێو بنەماڵەیێکی دەس کورت و هەژاردا، چاوی لە ڕووی ژیان هەڵێناوە. لە دە مانگاندا لەبەر تووشبوون بە نەخۆشی ،لە بەهرەی چاوان،بێبەش بووە ،هەر لەو دەمەوەیە کە ژیانی سەرانسەر تاریکی لە دونیایێکی بە بێ ڕووناکایی و وێنە و ڕەنگ بەڵام تژی بە سۆزی ئاواز و ستران،دەس پێدەکات.

ژیان بەسەربردن لە وا دونیایێک دا قەت "عەینە"،لە ژین هیوابڕاو ناکات بەڵکو بە پاڵ پشتی بەهرەی گەشی دەنگخۆشی و ژەنیاری،قەرەبووی نابینایییەکەی دەکاتەوە. "عەینە"،لەساڵی 1350 هەتاوییەوە هەتا بە ئێستا، مژولی چالاکی لە بواری مۆسیقادایە. هەندێ جاریش بۆ خۆ شێعر دەڵێ و گەلێ ئاوازیشی داناوە. "عەینە"، زۆر بە چاکییش، دەف، بلوێر،باڵەبان،شمشاڵ وفلوتیش دەژەنێ،هەروەها شارەزای تەپڵ لێدان و تومبەکیشە.

عەینە هەتا بە ئێستا بە لای گەلێ سەیدای گەورەی مۆسیقای کوردییەوە مینا سەیدا "حەسەن کامکار" ،بەهرەی مۆسیقایی خۆی بەرز کردۆتەوە و بە شێوەی کاتی و پەرژ و بڵاویش دەگەڵ گەلێ گرووپی مۆسیقایی هاریکاری کردووە. هەندێ جار وەک ستراندبێژ و بڕێک جاریش مینا ژەنیار، خۆی دەرخستووە. لە سەرەتا و دەسپێکی گفت و گۆکەماندا بەو پرسیارە ورووژاندم کە چلۆن ئاوێتەی دونیای هونەر بوویت؛ ئەو گەڕایەوە بۆ ساڵانی دوور؛ ئەو دەمانەی سۆزی نێو ئامێرەکانی مۆسیقا و گۆرانی بەکۆی منالانی قوتابخانەکەی لامالیان،بەرەو فێرگە و قوتابخانەیان برد. ئەو دەبێژێ : " لەو دەمانەدا هەستم بەوە دەکرد لە گۆڕی کار وچالاکی هونەری دێم و بەهرەی مۆسیقاییم تیایە. ئەرچی قوتابی قوتابخانە نەبووم لێ مامۆستاکان هۆگرانە وەریاندەگرتم و وەک گۆرانبێژ،سترانم بۆ دەخوێندن. دواتر لە تەمەنی 12ساڵاندا هەر ژنە مامۆستایێکی هەمان قوتابخانە بە ڕادوێی سنەی ناساندم. هەر لەو دەمەوە بە شێوەیێکی هەرەقەتی ڕووم لە دونیای مۆسیقا کرد و بە فەرمی چالاکی مۆسیقایی خۆم لە بەستێنی ژەنیاری و ستراندبێژی دا ساڵی 1350 هەتاوی لە ڕادوێی سنە دەس پێکرد. ئەو دەمەی ستراندبێژی بەنێوبانگی کورد مامۆستا "حەسەن زیرەک"،ڕۆژی 5 پووشپەڕی ساڵی 1351 هەتاوی، کۆچی دوایی کرد،شێعرێکی شین گێڕیم بۆ هۆنییەوە و پاشانیش بۆ خۆم بە دەنگ چڕیم. هەر لە ڕادوێی سنە تۆمارم کرد. لە ساڵمەرگی "زیرەک"ی نەمردا داوەتیان

لێکردم هەمان بەرهەم بەسەر مەزارەکەیەوە بچڕم. بەو پەڕی هۆگرییەوە چوومە ژێربار و ئەو شێعر و ئاوازەم بەسەر مەزارەکەیەوە خوێندەوە. هونەرمەندانی بەشدار و ئامادەبوو لەوێندەرێ، پێشوازییەکی چاکیان لێکردم. دواتر هەمان بەرهەم بە شێوەی کاسێت و فیلمی ڤیدیۆیی بڵاو کرایەوە و ماڵە و ماڵ گەڕا، ئەو بەرهەمە منی بە کۆمەڵەی هونەری وان ساڵان و بگرە بە هەموو کوردان ناساند."

عەینەدین،دوا بەدوای درێژە چالاکی لە بواری هونەردا لە ئۆرکێستری ڕادوێی سنە، بە لای مامۆستایانی مۆسیقاوە هەر وەک "حەسەن کامکار"، "گریشا میخاییل زادە" و "ڕەشید فەیز نژاد"ەوە توانی پلەکانی مۆسیقایی زوو بە زوو ببڕێ،بۆخۆ لەو بارەوە دەڵێ : "لە خزمەت مامۆستا حەسەن کامکاردا گەلێ شت فێر بووم و زۆر جاران لە لادەستی ئەو سەیداوە کە ڤیۆلۆنی دەژەنی،منیش باڵەبانم لێ دەدا. مامۆستا حەسەن کامکار،مرۆڤێکی لەشکری بوو،هەر لەبەر ئەوەش بەرپرسی گرووپی مۆزیکی لەشکری 28 ی کوردستان بوو. دواتر کە خانە نشین کرا ،سەرۆکایێتی و بەرپرسیارێتی دەزگەی فەرهەنگ و هونەری ستانی کوردستانی گرتە ئەستۆ و بۆخۆ گرووپێکی مۆسیقایی دانا. هەر وان ساڵان بوو من دەگەڵ مامۆستا حەسەن کامکار ،ڕێم کەوتە گەلێ شار و شارۆچکەی کوردەواری و لە نێو سەربازگە ،قوتابخانە و ناوەند و دەزگەکانی دەوڵەتی دا گەلێ ئاهەنگمان گێڕا. بەرەو شارەکانی کوردنشینی ستانەکانی دی بگرە شارەکانی ئازەری نشینی وەک "خوی"، دەچووین. گرووپێکی هەڵپەڕێکێشمان دەگەڵ بوو ،من و گۆرانیبێژێکی دی بە ناوی "سەی ساڵحی پیر زەهیری"، سترانمان دەخوێند. عەینەدین لە ساڵانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ،ڕووی لە چڕینی سترانی شۆڕشگێڕی کرد بەڵام هەندێ جاریش ڕووی لە ئاهەنگی غەرامی دەکرد. لوتکەی هونەری عەینەدین ،خۆمژولکردنی چالاکانە بە کاری ژەنیاری و ئاوازدانان و سترانبێژییەوە بوو کە نموونەی وا هونەرمەندێ لە نێو دونیای هونەری کوردی دا دەگمەنن. یانێ عەینە هەندێ جار بۆخۆ دەبێتە شاعیر، بڕێک جار ئەبێتە ئاوازدانەر و جاری واشە ڕۆڵی ژەنیار و گۆرانیبێژ دەبینێ.

عەینە کاتێ دەگەڵ گرووپ و تیپێکی مۆسیقایی دا سەرقاڵی کاری هونەرییە ،وێڕای سترانبێژی، خۆ بە لێدان و ژەنینی ئامێرێکەوە مژول دەکات. عەینە هەتا بەئێستا لە کەناڵەکانی سەتەلایتی کوردی دا گەلێ بەرنامەی هونەری بەڕێوە بردووە و لە زۆر کۆڕە جێژن و فیستیڤاڵی مۆسیقایی دا چالاکانە خۆی دەرخستووە.

دەنگی عەینە ،دەنگێکە سۆز و ئەوین،خەم و هیجران و فیراق و ژان و کوڵ و کەسەری کوردی، لێ دەبارێ. ئەوەندە شارەزایانە و دڵ بەئۆقرە ،بەرهەمی هونەری خۆ پێشکەش دەکات کە هۆگری دەنگەکەی بەرەو لای خۆ دەکێشێ. هەوێن و نێوەڕۆکی زۆربەی بەرهەمەکانی عەینە ئەویندارانەیە. هەندێ جاریش تێکەڵ بە بۆن و بەرامەی عیرفانی دەبێت. ئاوێتە کردنی ئەوین و عیرفان و سۆفایەتی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نێو بەرهەمە هونەرییەکانی عەینەی خودان بەهرە. بێبەشبوونی عەینە لە بەهرەی چاوان، لەولاوە سۆزێکی دی بە دەنگەکەی بەخشیوە. کاتێ ئەو تایبەتمەندییە بکەوێتە پاڵ دەنگە بەکوڵەکەی ئەو هونەرمەندە، ئیدی سۆزی دەنگەکەی هەتا دوورە دەستان دەچێ و کێ هەیە وەبەر ئەو نەغمە سیحراوییە نەکەوێ! زۆرێ لە بەزم و گۆرانییەکانی عەینە،

هەڵگری نۆستالۆژی گەلی کوردن و خەمێکی گرانیان لە دووتوێدایە. نەرمە سۆزەکەی نێو دونیای گۆرانی عەینە و دەنگە بە کوڵ و گریاناوییەکەی، بەرەو دونیاێیکی دیکەمان دەبەن. هەندێ لە ئاهەنگ و گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە، ئاواز و سترانی فۆلکلۆری هەورامی و بڕێکی دیکەشیان سۆرانین. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە تێکەڵن بە هەستێکی نۆستالۆژیک کە لە دوو توێیاندا مێژووی پڕ لە هەوراز و لێژ،سەرانسەر خەم،هیجران و دووری وهەروەها دیرۆکی ڕەمزاوی گەلی کورد خۆ دەنوێنێ. عەینە بۆخۆ پتر لە 150 ئاوازی داناوە. دیارە ئەو هەموو ئاوازە دەسکەوت و بەری ڕەنجی 33 ساڵ چالاکی هونەری ئەون.لەو نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بکەینە ئاوازەکانی وەک " وەرە نازەنین"،زلێخام زەردە و لوا..." .

مۆسیقا هونەرێکی بیستیارییە. عەینەی هونەرمەند،کە تەنێ بە ئەشقی دەنگ زیندووە،لەبەر بێوەری بوون لە بەهرەی چاوان، لەو لاوە هەر بە هۆی سۆزی ئاوێتەی نێو دەنگەکەی، وردەکارییەکی دی  بە بەرهەمەکانی خۆی بەخشیوە. بۆخۆ لەو بارەوە دەبێژێ: "ئەو دەمەی دەگەڵ گرووپێکی مۆسیقایی کار دەکەم، بە تاقی تەنێ هەر ئاگام لە دەنگی نێو ئامێرانە و بەس. هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆ لەو بەستێنەدا دەکار دێنم بەڵام ئەوەی دونیای ڕوونیش دەبینێ و ئاگای لە چوارتەنیشتی خۆشیەتی ،هەتا ڕادەێیک لەوە دەگات،هەر بۆیە ئەو وردبوونەوەی لای من هەیە وەبزانم لای ئەو دەس نەکەوێ.

لە بیر نەکەین عەینەی هونەرمەند لە بەر بێبەشبوون لە بەهرەی چاوان، بۆی نەلواوە فێری ڕەدیف و دەزگاکانی مۆسیقایی بێت. ئەو بە شێوەێیکی خۆ وێژانە و بە پاڵ پشتی ڕیتمی مۆسیقایی،   بەرهەمی خۆ پێشکەش دەکات. ئەو کەمایسییە هیچ زیانێک بە هونەری ئەو هونەرمەندە ناگەیینێ.چونکە مۆسیقای کوردی زێتر مۆسیقای مە قامییە،زۆرێ لە شارەزایانی دونیای مۆسیقاش دەبێژن مۆسیقای رەسەنی ئێرانی ،مۆسیقای مەقامی بووە. لە حەقیقەتدا لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بووە کە ڕەدیف و دەزگا،هاتۆتە نێو مۆسیقای ئێرانەوە. دەکرێ بێژین مۆسیقای کوردی لەو لایەنەوە توانیویە ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت و ئەوەند وەبەر کارتێکەری ڕەدیف و دەزگا نەکەوتووە. هەر لەبەر ئەوەش ڕوو لە ڕەدیف و دەزگا نەکردن، لە مۆسیقای کوردی دا زیانی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە ،بگرە دەکرێ بڵێین هیچ زیانی نابێت. هەڵبەت مۆسیقای کوردی خاوەنی گەلێ هونەرمەندە کە لە مۆسیقای ڕەدیف و دەزگادا  پێشەنگ و سەیدا بوونە. لەو نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بکەینە "سەی ئەسکەری کوردستانی" و "مەزهەری خالقی". عەینەی هونەرمەند پاشان دەڵێ: " من هیچم لە جوانییەکانی ئەم گەردوونە نەبینیوە چونکە هەر بە منداڵی و بە تەمەنی 10 مانگان لە بەهرەی چاوان بێوەری بوومە، دە مانگانیش لام وا نییە تەمەنێک بێت مرۆڤ شتێکی لێ بیر بکەوێتەوە. بۆیە من وەک ئەوانەی جوانییەکانی ئەم گەردوونە دەبینن و پاشان ئەوەیان لە دەس دەردەچێ و حەسرەتی بۆ دەخۆن، تووشی ئەو حەسرەتە نابم.لەبەر ئەوەی هیچم نەبینیوە هەتا حەسرەتی بۆ بخۆم. بەڵام حەسرەتی من تەنێ ئەوە لە دونیای خەونیشدا وێنە و دیمەنێکم لا دەس ناکەوێ، هەرچی هەیە تەنێ هەر دەنگە و بەس."

عەینەی هونەرمەند،کاتێ شێعرێکی "خەییام"م بۆ دەخوێنێتەوە،شەیدای سۆزی دەنگەکەی دەبم،هەر بۆیە لێدەبڕێم هەرکە گەڕامەوە تاران،پێشنیازی دیکلەمەکردنی شێعری گەورە شاعیرانی کۆن و هاوچەرخ لە لایەن ئەوەوە بدەمە پەخشکار و دەرهێنەران و ئامادەکەرانی ئەو چەشنە بەرهەمانە. ئەودەم بوو تازە زانیم عەینە هێشتا گەلێ بەهرەی تیایە کە کەس پێی نەزانیون. دەنگی عەینە بۆ دیکلەمەی شێعر زۆر لە دەنگەکەی "شاملو" دەچێ،دڵنیام گەر کەسێ لەو دەنگە کەڵک وەرگرێ،گەلێ بەرهەمی بەپێز و ناوازە پێشکەش بە لاگرانی هونەر و ئەدەب دەکات.خاڵی سەرنجڕاکێش لەو نێوانەدا ئەوە کە عەینە خاوەنی بیرگە و زەینێکی زۆر تیژە. بۆخۆ ئەڵێ: "گەر یەکێ 2 یان 3 جاران شێعرێکی چ فارسی بێت یانژی کوردیم ،بۆ بخوێنێتەوە،خێرا لەبەری دەکەم،هەتا بەوێ شێوەی خوێندنەوە و ڕەچاوی مۆسیقا و کێش و سەروای شێعرەکەش دەکەم ."

عەینەی هونەرمەند لە ئاواز و گۆرانییەکانی دا لە شێعری شاعیرانی کلاسیکی کورد وەک هەژار، هێمن، مەولەوی تاوگۆزی،قانع،وەلی دێوانە،گۆران، پیرەمێرد،وەفایی، فایەق بێکەس و سەیدی هەورامی، کەڵکی وەرگرتووە. بەڵام هۆگرییەکی تایبەتی بە شێعری مەولەوی هەیە.هۆی ئەو کارەش دەگەڕێنێتەوە بۆ هەستی ناسکی شێعری و هۆنراوەی تەڕ و پاراو لای مەولەوی نەمر و دەبێژێ : "چونکە من بۆخۆ هەورامیم،لام زۆر ئاساییە زێتر بەرەو شێعری ئەم شاعیرە ناودارە هەورامی وێژە بکشێم.لەو لاشەوە هەڵبەستەکانی ئەم شاعیرە ناسک خەیاڵە، بەرەو دونیایێکی تژی لە شادی و خەمم دەبات. مەولەوی سەرباری ئەوە، ئەهلی تەریقەتی عیرفان و سۆفایەتی بووە، هەر ئەو تایبەتمەندییە چێژێکی دی بە شێعرەکانی بەخشیوە. ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شێخەکانی ئەهلی تەریقەتی هەورامان و کوردستان،گەلێ هۆگری بوونە،لەو نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بکەینە شێخ عەلایەدینی نەخشبەندی."

عەینە مەریوانی لە بەستێنی مۆسیقادا خاوەنی مێژینەیێکی 33 ساڵییە و ژمارەیێک لە گۆرانییەکانی نها لە ئەرشیڤی ڕادوێ سنەدا ماونەتەوە. بەڵام عەینە ئێستێ لە باری ژیان و گوزەرانەوە زۆر بە زەحمەت ژیان وەسەر دەبات. بەینێ لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامییەوە، مووچەیێکی مانگانەی 60 هەزار تمەنییان بۆ بڕیبووەوە بەڵام لە مانگی ڕەزبەری ساڵی 1383 هەتاوییەوە ئەوەشیان لێ بڕیوە. عەینە لە دەس ئەو پرسە وا سکاڵایەتی: "لە سەردەمی دەستەڵاتی بەڕێز مەهاجرانی لە وەزارەتی فەرهەنگ وئیرشادی ئیسلامی ،مووچەیێکی مانگانەیان بۆ بڕیبوومەوە و سەری هەموو مانگێ دەچووم و وەرمدەگرت،کەچی دوا بە دوای چەن سەردانێکم بۆ باشووری کوردستان و مانەوەم بۆ ماوەی 5 مانگان لەوێندەرێ،بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بەرنامەی هونەری لە سەنتەر و ناوەندەکانی هونەری و هەروەها ئامادەبوون و بەشداریم لە چەن کەناڵێکی سەتەلایتی کوردیدا،ئەو مووچەشم لێبڕا. هەتا بەئێستا چەن جارێکیش دووی ئەو پرسە کەوتووم بەڵام لە وەزارەتی ئیرشاد لە وەرامم دا دەبێژن ئەتۆ لێرە هیچ پەروەندەیێکت نییە،بەڵام خۆ من ماوەی چەن ساڵێک ئەو مووچەم لەوێ وەرگرتووە و ئێستا فیش و بەڵگەکانیش لە لامن."

عەینە پاشان ئەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە مۆسیقای بازاڕی و بێ ناوەڕۆک کە هیچ بنج وبناوانێکی لە کولتوور و فۆلکلۆری کوردی دا نییە،هەروەها ئاماژە دەکاتە ئامادەبوونی هونەرمەندانی پلە 3 و 4 ی کورد لە کۆڕە جەژن و فیستیڤاڵەکانی مۆسیقای ناوچەکانی جۆربەجۆر و بەشداری نەکردنی هونەرمەندانی خودان ئەزموونی کورد لەو کۆڕەجێژنانەدا و دەبێژێ: " ئەم کارە خەیانەت بە هونەرە و گەر دەزگەکانی مۆسیقای دەوڵەتی و سەنتەرەکانی سەربەخۆی مۆسیقایی ،لاگری لە هونەرمەندانی خودان ئەزموون نەکەن،هونەرمەندان ناچاری بۆ وەدەس خستنی بژیوی خۆ،ڕوو لە پێشکەشکردنی کاری ئاست نزم دەکەن."

*************************************************************

* موختاری شوکری پوور، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرێکی چالاکی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستانە وا بۆ چەن ساڵێک دەچێ ئامادەبوونێکی باشی لە نێو دونیای ڕۆژنامەگەری ئێرانی دا هەیە و دایمە بە خامەکەی دەستی ئاوڕێکی تایبەتی لە پرسەکانی نێو کۆمەڵگەکەی داوەتەوە. ئەوەی سەر وچەن بابەتێکی لەم کورەکوردە خوێندبێتەوە، لای دەردەکەوێ چەندە پەرۆشی دۆزی گەلەکەیەتی. ئومێدە بەم زووانە لە نێزیکەوە فرەتری بدوێنین.

ژێدەر: ڕۆژنامەی شەرق،9 خەزەڵوەری 1384 هەتاوی